# ژنان...............یەکسانی...............هاودەنگی

**بارزان شوان**
uvnbas@hotmail.com

وەک توخمی کیژۆڵە لە دایک بوون لە ساڵی 1960بە دواوە بە بوون و ڕووداوێکی نا ئاسایی ناژمێردرێت، ئەورۆ خۆشبەختانە تۆڕی گرێدراو ویەکبوون و بۆچوونی ژنان لە گشت جیهاندا بە بارێکی ناشازو بەدەگمەن بەرپابوو لە قەڵەم نادرێت، هەوڵ و تەقەلادان و مەرج دانان بۆ خۆ دۆزینەوەو هاتنە دی مرازی بە یەکچاو تەماشاکردنی ژنان لە گشت بوارەکانی ژیانی ئەم جیهانە نا یەکسانەدا بە کارێکی ئاسان ناژمێردرێت ، ئەویش بە هۆی دەستەلاتی دووبارەو دووجاری پیاوانەیە بە سەر ژنانەوە، وە هەروەها تێڕوانینی ئێمەمانانە بەرامبەر بە بوونی ژنان، بە شێوەکی گشتی ئەم دیتنە ڕووبەڕووی ئەو بابەتانەی  کەبە پلەی یەکەم دادەنرێت دەگۆڕدرێت ، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕا دەربڕین بەرامبەر بە کولتوور و پلەوپایە و چین و تێڕوانینی گشتی ڕەوتی ئافرەتانە بۆ سەرکاردانەوەی خەباتەکەیان لە کۆمەڵگادا.

هەردەم بوونی ژنان لە گشت بوارە سیاسیەکاندا پێویستن بمێنن تا وەکو ئەو کاتەی کە بە ڕاشکاوی دەبینین چلۆن پیاوان شان بە شانی ژنان لە گشت دام و دەزگای دەوڵەت و دەستەلاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا خۆ دەنوێنن، تا وەکوئەم سەردەمەش ژنان بۆ گرتنی کارە جۆراوجۆرەکانی نێو دەزگا حکوومیەکان لە کۆمەڵگادا بە پلەی دووەم دەستنیشان دەکرێن ، پلەی خوێندەواری کیژان لە زۆربەی وولاتان ڕوو لە پەرەسەندن دەکات، لە نەبوونەوە بۆ فرە بوون.ئەوەش سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژەی کارکردنی ژنان لە گشت بوارەکانی ژیاندا لە جیهاندا بە ڕێژەی 90% دەژمێردرێت. بە تایبەتی لەو وولاتانەی کە یاسای باج دانیان دانەناوە لە سەر خاوەن کۆمپانیە تایبەتەکانەوە، بە گشتی لەو فابریکە سەربەخۆیانە هیچ باجێک بە دەوڵەت نادرێت. بە کاربردنی هێزی کرێکاران وزوەتکردنی  ماوەی کارکردنی ڕۆژانەیان بە هۆی نەبوونی فیدراسیۆنی کرێکاران بە شێوەیەکی نا مرۆڤانە بە ڕێوە دەچن، کە زۆر جار لە زۆربەی ولاتە دواکەوتوەکاندا بوونی ئەو سەندیکانە هەر قەدەغەن، یاخود کارەکانیان یەکجار سنووردارن وبەرنامەی تایبەتی سیاسیان بۆ داڕێژراوە.

بۆشایی ئابووری و بە پەلە پێشکەوتنی ئەو فابریکانە لە گەردوونێکی گەورەی بەتاڵدا دەبنە هۆی پێشێل  کردنی مافە سەرەکیەکانی کرێکاران، لە بەر هۆی بوونی بێکاران هەندێک وڵات هەن وەک چین، سیاسەتی ئابووری بە زۆردی بەرەو کارکردن بە کار دێنن، چونکە تەنها ڕێگەیە بۆ مانەوەی ئەو ڕژێمە، ئەو سیاسەتە ئابوریە کە بە بۆنەی ئەم

نەهاتەوە بێگومان ژنان دووبارە بە پلەی یەکەم زەرەرمەند دەبن و بەئاشکرا ئارەزووەکانیان ژێر خاک دەکرێن و کەم نرخی و بێبەهاییان بە ڕوونی دێنە بەر چاو لەو کۆمەڵگایەدا،جا لە وولاتانی جۆراوجۆری جیهاندا وەک کێشوەرانی سەر بە ئافریکا و ئاسیاو هەندێک لە وولاتانی ڕۆژهەلاتی ئەورووپا، بە ڕاشکاوی ڕێژەی کەمبوونی ئەندامانی ژنان لەو سەندیکا دانراوانەدا بۆ کرێکاران بە دی دەکرێت، کەچی بە پێچەوانەوە دەبینین ژنانی دانیشتوانی وولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا ڕێژەیان لەو سەندیکانەدا گەلەک زۆرن، هۆیەکەشی بە تەنها دەگەڕێتەوە سەر بوونی بارێکی ئابووری سەربەخۆ بۆژنان لەو وولاتانەدا.

بێگومان کاریگەری یەکسانی نێوان توخمەکان تەنها گرێ نەدراوە بە دەرامەت و مووچەو داهاتەوە ، ژنان بە ڕەفتاری خۆیانەوە هەڵدەستن بە سەلماندنی بوونیان لە ژیاندا، بەلام تێڕوانینی ئێمەمانان بەرامبەر بە وان ڕەنگدانەوەیەکی ڕووتی سەر بە کۆمەڵگایە، لەم سەردەمەدا ژیان بەڕێوە ناچێت بە وەی کە تەنها بە گوێی ئەو یاسایانە بجووڵێینەوە کە لە پەڕتووکەکاندا نووسراونەتەوە ، بەلام ئەوە گرێدراوە بە چۆنێتی باوەڕی ئێمە بە بنەماکانی پێکەوە ژیان و تێڕوانینمان بۆ ئەرکە سەرەکیەکانی دابین کراو لە دەستوورە کۆمەلایەتیە جوداکانی نێو کۆمەڵگادا، ژنانی بیروباوەڕ جودا بۆ ئەو مەبەستە ناتوانرێت بژمێردرێت بۆ ئەو تاقیکردنەوانەی کە بەراورد دەکرێن لە گەڵ هاودەنگەکانیان.

گەورەترین توولە ڕێی بە پێچ و پەنا بۆ گۆڕانکاری لە نێو مێدیا سەر بە وولاتە ڕۆژئاواییەکاندا ئەوەیە کە باس لە چوونە دواوەو پاشگەز بوونەوەی مانای بە ژمارە زۆردی دەکەن، کەچی بە پێچەوانەوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چین و گرۆپە جودانەی کە پێک هاتوون لە کۆمەڵگادا، ،پێشڤەچوونی ژنان لە بواری پلەو نرخ دانانیان لە کۆمەڵداو هەڵوەشاوەنەوەی ئەو بەشەش بە هۆی بە کار بردنی سیستێمێکی ڕاسترەوی پەیوەندی بە باری ئابووریەوە هەبوو، ڕاستە بۆچوونی ژنان بۆ گرتنی مافە ڕەواکانیان ڕەنگدانەوەیەکی ئاوێنەییە ڕووبەڕووی یەکسانی و پێشوەچوونی جیهان، ئەم دیاردەیە زیاتر گەشەدار دەبوو گەر ژنان بەرەو سیاسەتێکی لیبرالی هەوڵیان دابا بۆ چاک کردنی باری ئابووری،.بواری ژنان وەک پرسیارێکی ڕۆژانە شی دەکرێتەوە، مەبەستم گرێدانی بابەتە جوداکانی ژنان و بیروبۆچوونیانە بەرامبەر بە هەندێک بڕیاری بە زۆر سەپێندراو بە سەریاندا کە زۆر جاران ڕەد دەکرێنەوە لە کۆمەڵگادا.

یەکێک لەو دیاردانەی کە ژنان خەباتی بۆ دەکەن و لە سەر پیاوان پێویستە بە دەنگیانەوە بێن ئەوەیە کە توخمی نێران پاڵپشتی ژنان بکەن کە ئەوان وەک پیاوان دەنگی خۆیان هەبێت لە ئەنجوومەنە شارەوانیەکاندا وبەو شێوەیە هاوسەنگیەکی توخمان پێک بێت ، یاخود وەک لێپرساوێک کاری پێ بسپێردرێت ، دەبێت زیاتر پاڵ بە ژنانەوە بدرێت بۆ

گرتنی کاری جۆراوجۆر لە دەزگاکانی سەر بە حکوومەت و کارخانە تایبەتیەکاندا ئەگەر هاتوو بتوانین بۆ نموونە باجی سەر کارەکانیان کەم کرێنەوە، ئەم سیاسەتە لە لایەن سەرەک کۆماری ئامریکای پێشوو ڕێگن و سەرەک وەزیرانی بەڕیتانیای ڕابردوو تاتشەردا بە کار دەبران کە بە شیوەیەکی ئۆتۆماتیکی  باری ژیانی کەم دەرامەتەکانیان بەرەوە باشتر دەبردن.

بە هەمان بۆچوونی هاودەنگیەوە ژنان دەتوانن ڕۆڵیکی کاریگەرتر لە میدیا سەرەکیەکاندا ببینن وەک ئەوەی هەستن بە پێکهێنانی ڕۆژنامەی تایبەتمەند بە ژنانەوە ، بە مەرجێک بتوانن بیروڕاکانیان بە بێ بەکاربردنی هیچ جۆرە سانسوورێکی سیاسیەوە بڵاو بکەنەوە. ، بەم شێوەیە ژنان بە شێوەیەکی سەر بە خۆ و دوور لە سیاسەت دەتوانن ڕێچکەی ژیانی تایبەتمەندی بە خۆیانەوە بهێننە ئاراوە، ئەم جۆرە کارانە دەبنە هۆی ئەوەی کە پیاوان بە تێڕوانینێکی ڕۆشنبیرانە لە گرفتەکانی ژنان بگەن ، هەر بە خۆی دەبێتە هۆی جێگۆڕکێ بوونی پلەی ژنان لە کۆمەڵگادا.
بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە ساڵانی **90** ئەوسەدەیە بوو کە ژنانی بەرەو ڕووکردن لە سیاسەتی زەقی سەر بە ڕاسترەوەکانەوە برد، ئەویش لەبەر ئەوەی کە خۆیان لە گەڵ مەبەستە سەرەکیەکانیان بە جودا لە قەڵەم دا ، سیاسەتی بە مۆدێرن بوونی ژنان وەک پسوولەیەکی شوناسنامەیی لێهات، ئەویش بە بۆنەی بوونی ئەو هەموو بزووتنەوانەی کە دامەزرابوون بۆ ژنان، یەک لەو بوارانەی کە بە نێگەتیڤ دەبینرێت لەو سەردەمەدا ئەوەیە کە ژنان بە هۆی هەندێک بوونی ئەو بزووتنەوانە بوونە هۆی بە جودا تێڕوانینی توخمی پیاوان ڕوو بە ڕووی  ژنانی سەربەم بزووتنەوانە.

جودابوونەوەی توخمەکان بە تایبەتی پرسەکانی سەر بە مافی ڕەوای ژنان لە گشت بوارەکانی ژیاندا،بوونە هۆی درووستبوونی سنووردانانێک بۆ بردنی ئەو گرفتە کۆمەڵایتیە سەرکیە بەرەو دەریاچەیەکی نەزانراو ، بە ڕاشکاوی دەبینین کە چلۆن ئەم بابەتە باس لە مافی گشت مرۆڤ دەکات، کە ئەمەش بە پرسێکی گرنگ دەژمێردرێت و لەسەر هەموومان ئەرکە کە پارێزگاری لێ بکەین، دەبوایە ئەم ڕەوتە بە بایەخەوە هەردووک توخم بە پیاو و ژنەوە زیاتر کۆششیان بۆ کردبایە، با پیاوانیش بەشدار بن لەو خۆپیشاندانانەی کە بە ڕێوە دەبرێن لە ڕۆژێکی وەک ئەوڕۆی ڕۆژی ژناندا کە بەڕێوە دەچێت لە گشت کونوبەرەو وولاتانی جیهاندا لە 8 ی مانگی سێدا. بێگومان ئەم خۆپیشاندانە دژ بە بۆچوونی جوداییە لە نێوان توخمانی پیاو و ژنەوە، ڕەخنەگرتنێکیشە بۆ بەڕێوەچوونی سیاسەتی یەک لایانەی دەستەڵاتی  پیاو بە سەر یاسا درووستکراوەکانی داڕێژراو بۆ بەرژەوەندی تەنها توخمی پیاوان .

# خواستی ژنان به دوای 8 مانگی مارت دا

8 ی مانگی مارسی هەر ساڵێک بە ڕۆژێکی پیرۆزی مێژوویی لە خەباتی ژنان بۆ وەرگرتنی مافە ڕەواکانیان دەژمێردرێت.لە زۆر ولآتانی جیهاندا ئەم ڕۆژە وەک
پشتگیریکردنێک لە پرسە ڕەواکانی ژنان لە قەڵەم دەدرێت، پشوودانێکی گشتیە بۆ کرێکاران، بەڵکو ئەم رۆژە بە رۆژێکی ئینتەرناسیۆنالی ناسراوە. لەم ڕۆژەدا خەباتی 90 ساڵی ژنان و ئافرەتان بە ئاشکرا دەردەکەوێت، بۆ ئەو هەمووهەوڵو تەقەلآنەی کە بە بەردەوامی داویانە بۆ گەیشتن بە ئاوات و خواست و هێنانە دی مافە پێشێل کراوەکانیان. لەم رۆژەدا ئافرەتان و ژنان هەنگاوێکی زۆر بە نرخیان داوە بۆ هێنانە دی خەوەکانیان.

خەباتی ژنان بۆ سالآنی زۆر کۆن لە مێژوودا دەگەڕیتەوە، وە هەردەم ڕەخنەو خواستەکانیان ئاراستەی پیاوان کردوە بەلآم مخابن بیرکردنەوەی تەسکی پیاوان بۆ لەدەستنەدانی کۆنترۆڵ و دەسەلآتی خێزانی و ترسیی یەکسانی، زۆر کاری کردە سەرپشتگوێ خستن و دواخستنی ئەم مافە ڕەوایەی ئەمرۆ بەردەوام تەقەلآی بۆ دەدەن. بۆیە دەبینین لەدوای شەری جیهانی دووهەم بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان درا کە ژنان و پیاوان بە یەک چاو تەماشا بکرێن وە بە پێویستیەکی مرۆڤایەتیان لە قەڵەم دا. هەر چەندە زۆر لەوولآتانی رۆژئاوا و وولآتە پێشکەوتوەکان قۆناغی بەرزیان بڕیوە بۆ هێنانە دی و دروست کردنی زەمینەیەکی گونجاو بۆ گەیشتن بە یەکسانی لە نێوانیاندا، بەلآم تا وەکو ئەوڕۆکەش گەلێک داخوازی هەن تا ئێستاش جێبەجێ نەکراون بەڵگەش بۆ ئەوە سەردانی پەرلەمانەکانی ئەم وولآتانەن کە هەتا ئێستاس ڕێژەی ژنان زۆر کەمترن لە پیاوان، وە ئەگەر زیاترووردبینەوە دەبینیب مووچەو داهاتی ئابوری ژنان زۆر کەمترن لە داهاتی سالآنەی پیاوان.

ئەوەی من مەبەستمە لەم بۆچوونە مافی ژنان و ئافرەتانی کوردە ، چونکە هەتا ئەوڕۆش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردنشین ئەم مافانە لەڕووی کۆمەلآیەتی وئابووریەوە پێشێڵ کراون، بەڵکو ژنان بە چەند هەنگاوێک بە دوای پییاوەوە ڕێ دەکات، ئەوەش لە لآیەکەوە دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی هەستی خەڵکی دەبەرەکە و لەلآیەکی تریشەوە هۆکارەکەی دەگەڕیتەوە سەر بوونی دەسەلآت و ڕەوتو بۆچوونی پیاوی ئایینی، کە دیوارێکی بەردینی لە نەزانین و نهێنی بڵند کردوە بۆ جودا کردنەوەی ئەم دوو توخم و جەسەدە واتە لە نێوان پیا و ژندا.

زۆر ئاشکرایە کە پیاوی کورد کاتێک دەیەوێت باوەڕەکانی بەنووسین و دووان دەربڕیت لەو پیاوەی کە بە کردەوە خواستەکانی بە بەرهەم دێنێت کە زۆر جاران جیاوازی ڕوونیان تیادا بە دی دەکرێن بەلکو ئەو پیاوانە بۆ ژنەکان بەربەستێک دروست دەکەن سەبارەت بە پارەو دەستەلآتەوە کە هەردەم دوور بن لە ململانێ کردنی ژنان لەگەڵیاندا.

بەکۆ ، هۆیە سەرکیەکان دەبینین دەگەڕێنەوە بۆ نەزانین و نەخوێنداری، کە گەورەترین کێشەی دروست کردوە لە گشت بوارەکاندا بە تایبەتی لە بواری خوێندندا بۆ کچان کە دەتوانین بڵێین ئەو چینە گوندیانەی کە لە شارە گەورەکانەوە دوورن، بۆ کچان قەدەغە کرابوو تێکەڵ بە کوڕانی هاوڕەگەزی لادێکەی خۆیان بن لە قوتابخانەکاندا، بە مەرجێک ئەو فێرگانەش لە زۆربەی لادێکانی کوردوستاندا هەر بە دی نەدەکران. هۆی تووندڕەوی ئایینی و بەکار هێنانی کچان و ژنان لە بەڕیوەبردنی زۆربەی کارەکانی ڕۆژانەی خێزانی وەک کاری کابانی ، خواردن دروست کردن ،شیر دۆشین، شوانی و گاوانی لە مێرگەکاندا، کۆکردنەوەی پیسایی ئاژەڵ بۆ سووتەمەنی و دوورینەوەی زۆربەی بەرهەمەکانی سەوەزەو گیای سروشتی وەک تۆڵەکەو ترشۆک و کەنگروو قارچک و کوارگ و نێرگز و زۆر شتی ترکە ژنان ئەرکی فرۆشتنیان بە سەردا سپێردرابو و کیژان تەرخان کرابوون بۆ هاوکاری کردنی خیزانەکانیان.
منداڵ بەخیوکردن پیرۆزترین خژمەتە کە ژنانی کورد بە خانەوادەو کۆمەڵگاکەیان دەبەخشن ، بەڵام بەداخەوە مەرج و داخوازی و ئارەزووەکان پێویستیەکی زۆریان بە خزمەت و بە گۆرین هەیە.

دەبێت ژنان زەمینەیەکی باشتریان بۆ بڕەخسێت کە گونجاو بێت لە گەڵ پێشکەوتنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، نموونەش بۆ ئەمە دۆزینەوەی کاری شیاوە بۆ ژنان لە گشت کارخانە و دەزگا حکومیەکان و تایبەتیەکاندا، بەشداربوونی ژنان لە بواری کاری سیاسی و ڕامیاری و ئابووری کۆمەڵایەتیەوە دەبێتە هۆی درووست بوونی کۆمەڵگایەکی نوێی مۆدێرن کە لە گەڵ یەکسانی و هاودەنگی و هەڵس و کەوتی گشت میللەتانی جیهاندا بگونجێت .